# ڕێکەوتننامەی نێوان حکومەتی عێراق و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە سەردەمی وەزارەتی (عەبدولرەحمان بەزاز)دا (٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦)

م. ی. فاخر عالی عبابکر
زانکۆی سۆران
فاکەلتی ئاداب
بەشی مێژوو

## پێشەکی:

بوونی ئاڵۆزیی سیاسی و سەربازییەکانی بارودۆخی عێراق دژبەرییەکانی لە هەمبەر ماف و خواستەکانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازیی کورد شتێکی نەخواستراوی ویستی کورد بووە، بۆیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە پێناو مافە سەرەتاییەکانی خۆی هەموو کات هەوڵی ئاسایی کردنەوەی ئاڵۆزییەکانی داوە، لە هەر گۆڕانکاریەکدا دەستپێشخەری پرۆسەی ئاشتیخوازی بووە، یەکێك لەو وتوێژ و دەستپێشخەریانەش ڕێکەوتننامەکەی سەردەمی وەزارەتی عەبدولرەحمان بەزاز بووە.

**ئامانج** لە نووسین و هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ هەبوونی ئەو وتوێژانە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان حکومەتەکانی عێراق و سەرکردایەتی سیاسی کورد دا ئەنجام دراون، بەتایبەت ئەو وتوێژانەی کە تایبەت بە ڕێکەوتننامەکەی عەبدولرەحمان بەزاز کراون. خاڵێکی دیکەی تایبەت بە دیاریکردنی ناونیشانەکە بۆ نەبوونی ناونیشانێکی تایبەت بە ڕێکەوتننامەکە دەگەڕێتەوە، هەرچەندە ئەم بابەتە لەسەرچاوەکاندا بەشێوەی جودا جودا باسی لێوە کراوە، بەڵام ناونیشانێکی وا تایبەت بە ڕێکەوتننامەکەی عەبدولرەحمان بەزاز نەنوسراوە و لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەوە نەکراوە، بەتایبەتی لە نێو توێژەرانی کورددا، بۆیە ناونیشانەکە لەوە زێتر هەڵدەگرێ و دەکرێ لە ژێر سایەی بەند و باوی یاسا هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان لێکدانەوە و شرۆڤەی تایبەتی بۆ بکرێ. لە میتۆدی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵی پەیڕەوکردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوویی دراوە، لەسەر بنچینەی بابەتی بوون و بێلایەنی ڕووداوە سیاسیەکانی تایبەت بە ڕێکەوتننامەکەی بەزاز پاڵپشت بەسەرچاوە مێژوویی و جۆراوجۆرەکان بە ڕەچاوکردنی گومانی زانستیانەی سەر زانیارییەکان بەراوردکاری و شیکردنەوەیان بۆکراوە.

پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو تەوەر و دەرئەنجام پێکهاتووە، تەوەری یەکەم: وەك دەروازیەك بە ناونیشانی: **بارودۆخی سیاسی کوردستان و هەڵوێستی حکومەتی نوێی کۆماری عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨ – ١٩٦٣)**دا، باس لە هەل و مەرجی ڕوودانی ڕووداوەکان دەکات، لە بەرامبەر بوونی ڕووداوەکان هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد ڕوونکراوەتەوە. هەروەها تەوەری دووەمی توێژینەوەکە بە ناونیشانی: **پرسی کورد لە کارنامەی حکومەتی (عەبدولرەحمان بەزاز) و بەندو لێکەوتەکان لە ڕێکەوتننامەی (٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦)**دا، لەم تەوەرەدا باس لە هەلوبەرج و بارودۆخی سیاسی کورد کراوە، دواتر ناوەڕۆکی

بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە ڕوونکراونەتەوە، هەروەها باس لە ئەو لێکەوتانەش کراوە کە لە ئەنجامی واژۆکردنی ڕێکەوتننامەکەدا هاتوونەتە ئارا، لەو بارەیەوە هەڵوێستی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول تیشکی خراوەتە سەر، هەروەها باس لە جددی نەبوونی حکومەتی عێراق و پەرۆشیبوونی کورد بۆ ئاشتی کراوە، لەو بارەیەوە لایەنی کەمتەرخەم دیاریکراوە بە تایبەت ئەو لایەنانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لە جێبەجێ نەکردنی ڕێکەوتننامەکە. کۆسپ و ئاستەنگەکانی گرفتی ئەم توێژینەوەیە نەبوونی سەرچاوەی تایبەت بووە بە ناواخنی ڕیکەوتنامەکە.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:** پاڵپشت بە ئاماژە پێکردنی ئەو گیروگرفتانەی هاتونەتە بەردەم توێژینەوەکە، لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا چەندین سەرچاوەی هەمەچەشن بەکارهێنراون، چەند بەڵگەنامەیەکی باڵوێزخانەی ئەمریکی لە بەغدا، سوودیان لێوەرگیراوە، هەروەها چەندین سەرچاوەی دیکەی پەیوەست بەو ماوە مێژووییە سودیان لێوەرگیراوە، لە دیارترینیان کتێبی جەمال نەبەزە، بە ناونیشانی کوردستان و شۆڕشەکەی، ئەم کتێبە لەگەڵ ئەوەی باس و خواسێکی زۆری ڕووداوەکانی ماوەی شۆڕشی ئەیلولی لەخۆ گرتووە. سەرچاوەیەکی دیکە کتێبی دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کوردە، گرنگی تایبەتمەندی لە مێژووی هاوچەرخی کورد تۆمار کردووە. کتێبی سیرجی. ج. ئیدموندز، بە ناونیشانی کێشەی کورد، سەبارەت بەم کتێبە دەکرێ بگوترێ تاکە سەرچاوەیە کە تا ڕادەیەك لە بابەت خاڵەکانی ڕێکەوتننامەکەی بەزاز وردبوونەوەی کردبێ، هەر لەو بارەیەوە هەڵوێستی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی ڕوونکردۆتەوە. هەروەها کتێبی واحد عومەر محێدین، بە ناونیشانی دانوستانەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ی کورد و حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١ – ١٩٦٨)، ئەم کتێبە زانیاری گەلێکی لەبارەی دانوستانەکانی نێوان حکومەتەکانی عێراق و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی تێدا باسکراوە، بەڵام سەبارەت بە ڕێکەوتننامە چارەسەرییەکەی بەزاز، جگە لە چەند زانیاریەکی گشتی وردەکارییەکی ئەوتۆی لە هەمبەر ناواخنی ڕێکەوتننامەکە تێدا نیە، بەهۆی ئەوەی نووسەرەکە بەشی ڕامیاری خوێندووە زیاتر بەشە ڕامیارییەکەی تێدا تێبینی دەکرێ، لایەنە یاساییەکەی لە لایەنە مێژووییەکەی بەسەردا زاڵە. کتێبی مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەهۆی ئەوەی نووسەری کتێبەکە خۆی لە ڕووداوەکانی ئەو کات نزیکبووە، زانیاری ورد و باشی لەو بارەوە تێدا نووسراوە، لەو بارەیەوە بە شێوەیەکی سەرەکی سوودی لێوەرگیراوە، لە نێو هەموو ئەو سەرچاوانەدا کتێبی سیف الدین الدوری، عبدالرحمن البزاز.. اول رئیس وزراو مدنی فی العراق الجمهوری، سوودی لێوەرگیراوە، بەتایبەت لە لایەنی ژیان و بیری بەزازدا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە. لە کۆتایدا دەکرێ بڵێین ئەنجامدانی هەر کارێك بێ کەم و کوڕی و هەڵە نابێ، ئیتر لەو دیدگایەوە خۆزگە دەخوازم بەم هەوڵە زانستییە خزمەتێکی بچووکی نووسینەوەی مێژووی کورد و نیشتیمانەکەم کردبێت و ئەم توێژینەوەیەش ببێتە لێوردبوونەوە و سوود لێوەرگرتنی هەوادارانی بواری مێژوو.

**تەوەری یەكەم: بارودۆخی سیاسی كوردستان و دۆزی كورد لە عێراق لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨ – ١٩٦٣)دا.**

عێراق لە سەرەتای دروستبوونیەوە لەسەر بنەمای ڕژێمی پاشایەتی دامەزراوە، سستەمی ڕژێمەكە بە هۆی ناسەقامگیری حوكمڕانی و زۆری پێكهێنان و هەڵوەشاندنەوەی كابینە وەزارییەكانی حكومی ڕووبەڕووی چەندین كێشەی حوكمڕانی بۆتەوە، بەم هۆیەشەوە گلۆڵەی ڕژێمی پاشایەتی كەوتۆتە لێژی[1]، ئەم كێشە و گرفتانەش بوونەتە هۆی درز تێكەوتنی زیاتری نێوان گەلانی عێراق، وایكردووە هێزە سیاسیەكان بە گوڕوتینێكی زیاتر بكەونە كاری خۆ ڕێكخستن[2]، هەروەها تورەیی گەلانی عێراق لە ئاستێكی وا دابوو هەموو كات ئامادەسازی جەماوەری بۆ ڕاپەڕین لە ئارا دابوو[3]، سەرەئەنجامی نارەزاییەكان لەلایەن چەند گروپ و كەسایەتی شۆڕشێك بەرپاكرا، كە تیایدا ئەفسەرەكانی سوپا ڕۆڵی یەكلاكەرەوەیان بینی[4]، بەهۆی پشتگیری حیزبەكان، (١٤ تەمموزی ١٩٥٨) بە شۆڕشی میللەت ناونرا[5]. لەگەڵ لێدانی زەنگی شۆڕش یەكەمین بەیاننامەی سەركەوتن لە ئێزگەی بەغدا و لە لایەن (عبدالسلام عارف) خوێندرایەوە، كە تیایدا كۆتایی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنەكایەی سەردەمی كۆماری نوێ ڕاگەیەنرا[6]و یەكەمین حكومەت بە سەرۆكایەتی (عەبدولكەریم قاسم) پێكهێنرا[7].

جەماوەری كوردستان شان بەشانی گەلانی عێراق، بە خۆشی و ئاهەنگ گێڕان هەستی خۆیان دەربڕیوە و لە ژێر ڕێنوێنی پارت و ڕێكخراوەكاندا دەركەوتن[8]، هەر بەو بۆنەیەوە بارزانی بروسكەی پیرۆزبایی سەركەوتنی بۆ (عبدالكریم قاسم) ڕەوانە كردووە و تیایدا مەسەلەی گەڕانەوەی خستبوە ڕوو[9]، پاش ڕەزامەند بوونی سەركردەی شۆڕش و بەخشینی هەموو سیاسیەكان، ژمارەیەك لە كوردە پەنابەرەكانی یەكێتی سۆڤیەت و بارزانی لە ڕۆژی (٦ تشرینی یەكەمی ١٩٥٨) گەیشتنەوە بەغدا[10]. هەموو ئەو پارت و لایەنە سیاسیانەی سەردەمی پاشایەتی كە بە نهێنی كاریان دەكرد، بەهۆی شۆڕشی تەممووزەوە دەركەوتنەوە و چالاكی خۆیان

---

[1] د. مؤيد ابراهيم الونداوی، وثائق ثورة تموز ١٩٥٨ في ملفات الحكومة البريطانية، الطبعة الاول، بغداد، ١٩٩٠، ص٩ – ٢٠

[2] شوان محەمەدئەمین تەها خۆشناو، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ – ١٩٦٣، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٠٤

[3] بەشیر حوسین سەعدی، پەیام لە مێژووی نەتەوەی كورد، چاپخانەی دارا، هەولێر، ١٩٩٧، ل١٨٣.

[4] تشارلز تریب، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی عێراق، وەرگێڕانی: محەمەد حوسێن و عەبدولقادر كەلهور، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٨٥.

[5] عەلی حەسەن مستەفا، خەرمانەی خەبات، چاپی یەكەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٣٧.

[6] ليث عبدالحسين الزبيدی ثورة ١٤ تموز فی العراق، دارالحرية للطباعة، بغداد،١٩٧٩، ص٢١٧؛ كریس كۆچێرا، كورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەم دا، وەرگێڕانی: حەمە كەریم عارف، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٥٧.

[7] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. جعفر عباس حميدی، تاريخ الوزارات العراقية فی العهد الجمهوری ١٩٥٨ – ١٩٦٨، الطبعة الاولى، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٤، الجزء ١، ص ٥٦ – ٥٨ .

[8] شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧.

[9] صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦ – ٢٠٠١ ، الطبعة الاول، مؤسسة البلاغ، بيروت، لبنان، ٢٠٠١، ص٧١.

[10] ميهفان محمد حسين رشيد البامرنی، سياسة الاتحاد السوفيتی تجاة الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان الجنوبية (١٩٤٥ – ١٩٦٨)، الطبعة الاول، مطبعة خانی، دهوك،٢٠٠٨ ص١٥٥ ؛ اوريل دان، العراق في عهد قاسم، ترجمة وتعليق: جرجيس فتح اللة، من منشورات دار اراس للطباعة والنشر و منشورات الجمل، الطبعة الاول، ٢٠١٢، ص١٨٣.

ئاشکرا کرد و مۆڵەتی کردنەوەی بارەگاکانیان پێدراوە[11]. بەم شێوەیە ژیانی پارتایەتی بۆ عێراق گەڕایەوە، لە ئەنجامدا چەند حیزبێکی سیاسی داوای مۆڵەتیان پێشکەشکرد و داوای فەرمی کارکردنیان لە حکومەت کردووە[12]. بەم جۆرە پارتی پاش چواردە ساڵ لە کاری نهێنی و سیاسی دا لە (٩ شوباتی ١٩٦٠) ڕەزامەندی مۆڵەت پێدانی پێدرا[13]. هێزە سیاسیەکانی عێراق و کوردستان ئاواتی چەند ساڵەیان هاتەدی و بۆ ماوەیەك چالاکی سیاسیان بە ئازادی ئەنجامدا، بەڵام ئەم بارودۆخە بەردەوامی نەبووە، چونکە یەکێ لە سیما دیارەکانی سەرەتای حکومەت و دەسەڵاتی قاسم بریتی بووە لە تاکڕەوی و بەڕێوەبردن و حوکمڕانی، کە دواتر بۆتە هۆکاری زۆرێك لەو کێشانەی کە لە عێراق ڕوویانداوە[14]، قاسم لە سەرەتای حوکمڕانی خۆیدا پشتی بە (شیوعی)یەکان بەستبوو، کاتێ زیادبوونی دەسەڵاتی شیوعیەکانی بینی هەستی بە مەترسی کرد، بۆیە ئەو جارەیان خۆی لە باڵی ڕاست و ناسیۆنالیستەکان نزیك کردەوە، کە دواتر ئەمە دەبێتە هۆکارێکی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و حکومەتی قاسم[15].

ئەو بارگرژیەش لە کۆتایی ساڵی (١٩٥٩)دا بە ڕوونی دەرکەوتووە، قاسم و حکومەتەکەی دەستیان بە ڕکابەری هێزە سیاسییەکان کردووە، هەروەها لە ڕێگەی هۆزایەتیدا کەم کەم هەوڵی بڵاوکردنەوەی دوبەرەکی لە نێو کورددا داوە[16]، لەم لایەنەوە چەند ڕووداوێکی نێوان هۆزەکان هەست و دەرونی قاسمیان بریندار کردووە[17]، سەرئەنجام لە سەرەتای ساڵی (١٩٦٠) بە دواوە قاسم و حکومەتەکەی لە بەڵێنەکانیان پاشگەز بوونەوە و چەند ڕێوشوێنێکیان لە دژی کورددا گرتەبەر و بە پلانێکی تۆکمەو داڕێژراو هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێ کراون[18]. بەم شێوەیە ڕەگەزەکانی شەڕ بەرەو پێشەوە دەچوون، سەرەتا دەستی بە داخستنی سەرجەم گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکان کرد، تا کۆتایی (نیسانی ١٩٦١) گەلی کورد هیچ ڕۆژنامەیەکی سیاسی مۆڵەت پێدراوی فەرمی نەماوە، لەگەڵ کۆتایی هاتنی مانگی ئایاردا پارتی پەنای بردۆتە بەر کاری نهێنی[19]. سوکایەتی کردن بە نەتەوەی کورد لە لایەن قاسمەوە گەیشتۆتە لوتکە، ئەم جۆرە سیاسەتەی قاسم لە ڕۆژنامەی (ثورە)وە بڵاو کراونەتەوە[20].

---

[11] مجید خدوری، العراق الجمهوری، ص١٨٨ – ١٨٩ " بەهرۆز جەعفەر، ململانێی نێو شۆڕشی ئەیلول، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، ل٢٦ – ٢٧.

[12] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.

[13] فاروق محەمەد محەمەدئەمین، شۆڕشی ئەیلول لە ململانێی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا (١٩٦١ – ١٩٧٥)، توێژینەوەیەکی بڵاونەکراوە، ل٥.

[14] عەبدولقادر سالح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠.

[15] فرهاد محمد احمد، جریدة خه بات/ النضال ١٩٥٩ – ١٩٦١ ، الطبعة الاول، مطبعة خانی، دهوك، ٢٠٠٨، ص١١٧ – ١٢٣؛ فاضل البراك، مصطفى البارزانی الاسطورة والحقیقة، مطبعة دار الشؤن الثقافیة العامة، بغداد، ١٩٨٩، ص١٦٦.

[16] دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٠٥.

[17] شکیب عقراوی، سنوات المحنة في کردستان اهم الحوادث السیاسیة والعسکریة في کردستان والعراق من ١٩٥٨ الى ١٩٨٠، الطبعة الاول، مطبعة منارة، اربیل، ٢٠٠٧، ص٥٩.

[18] مەحمود عوسمان، شۆڕشی کوردستانی عێراق ١٩٦١، چاپی ڕرۆنیۆ، ١٩٧٠، ل٦.

[19] شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤١ – ٢٤٢ .

[20] دورییە عەونی، عەرەب و کورد ناکۆکی یان تەبایی، وەرگێڕانی: سوارە قەلادزێیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٣١ – ١٣٢ .

بۆیە دەكرێ ماوەی نێوان سالآنی (١٩٥٨ — ١٩٦١) وەك بێنەوەدانكی كاتی ئەژمار بكرێت، چونكە (قاسم) و حكومەتەكەی زوو لە بنچینەی ئامانجەكانی شۆڕش لایاندا، كاربەدەستە توندڕۆ نەتەوە پەرستەكانی دژ بە كوردی لە خۆ نزیك كردەوە، وەك نارەزاتیەكیش دژ بە سیاسەتەكانی حكومەت لە (٦ ئەیلولی ١٩٦١) مانگرتنێك لە كوردستاندا كرا، چەند ڕۆژێك دوای مانگرتنەكە لە (١١ ئەیلولی ١٩٦١)دا[٢١] بڕیاری شەڕو شۆڕشی مافەكانی كورد درا، هەرچەندە شۆڕش لە سەرەتای دەست پێكردنیەوە هیچ بەرنامەیەكی نەخشە بۆ كێشراوی نەبوو[٢٢]، بەلآم حكومەتی قاسم پڕۆژە سەربازییەكانی خۆی لە كوردستاندا ڕاگەیاند[٢٣]. بەم ڕووداوانەی كە هاتنە ئارا بارودۆخی كوردستان لە قۆناغی ئاشتییەوە بۆ قۆناغی شەڕگەڕی گواستەوە، ڕووداوەكان كاریگەریەكی ڕاستەوخۆیان كردۆتە سەر باری ئابووری، كۆمەلآیەتی و چالاكی سیاسی كوردستان.

لە چوارچێوەی ئەو جموجۆڵ و ڕووداوانەی كە لە عێراقدا ڕوویاندا بە هێزبوونی هێزە نەتەوەپەرستەكانی عێراقی بەدوای خۆدا هێنا، لە ماوەی نێوان سالآنی (١٩٦٠ — ١٩٦٣) هەلێكی گونجاوی بۆ ڕوخاندنی حوكمی عەبدولكەریم قاسم ڕەخساند، بەعسیەكان لەگەڵ پێكهاتە سیاسیەكاندا ڕێكەوتن، ڕیزەكانیان یەكخست و بە هاوپەیمانیەتی نێوانیان كودەتاییێكیان ئەنجامدا[٢٤] و فەرمانڕەوایی قاسم وەك یەكەمین سەرۆك وەزیرانی حكومەتی سەردەمی كۆماری كۆتایی پێهات.

ئەو بارودۆخە سیاسییە نوێیەی كە لە ئەنجامی كودەتاوە دروستبوو، سەركردایەتی سیاسی كورد بروسكەیەكی پیرۆزبایی بۆ سەركەوتنی كودەتایەكە بە ناونیشانی (دەست لە ملانێی دوو شۆڕش) بلآوكردۆتەوە، ئێوارەی هەمان ڕۆژ بڕیاری ئاگربەستی داوە[٢٥]. كودەتاچییەكان حكومەتێكی سەربەخۆیان دامەزراندو سەركردایەتیەكیان بەناوی (ئەنجومەنی نیشتیمانی بۆ سەركردایەتی شۆڕش) دیاریكرد، عەبدولسەلام عارف لە لایەن ئەو ئەنجومەنە بە سەرۆك كۆمار هەڵبژێردرا[٢٦]، دوای چەند مانگێك لە كودەتایەكە ململانێ كەوتۆتە نێوان باڵی چەپ و ڕاستی بەعسیەكان[٢٧]، بەم هۆیەوە لە ڕۆژی (١٨/ تشرینی دووەم /١٩٦٣)دا لە لایەن باڵی نەتەوە پەرستەكان و بە سەرۆكایەتی (عەبدولسەلام عارف) دارودەستەی بەعسیەكانیان لە حوكم دەركرد، حكومەتە (دە) مانگیەكەی (ئەحمەد حەسەن بەكر)(١٩١٤ — ١٩٨٢)یان هەڵوەشاندەوە و حكومەتێكی نوێیان بە

---

[٢١] لە بارەی ڕۆژی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول (د. كاویس قەفتان) ئاماژەی بە ڕۆژی (١٩٦١/٩/١٦) كردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: كاويس قفتان، الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨ — ١٩٦٤ ، الطبعة الاول، ٢٠٠٤، ص١٥٩.

[٢٢] بەهرۆز جەعفەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠ ؛ سازگار ڕەشید ئیبراهیم، هەولێر لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا، ئینسكلۆپیدیای هەولێر، چاپی یەكەم، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩، بەرگی چوارەم، ل١٧٠٤.

[٢٣] جريده خه بات نچال، عدد ٤٦٨، اوائل تشرين الاول ١٩٦٢ و حزيران ١٩٦٣.

[٢٤] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: حامد مصطفى مقصود، ثورة ١٤ تموز مدارات الاخوة الاعداء، الطبعة الاول، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٢، ص٣١٩ - ٣٢٠ .

[٢٥] فاروق محەمەدئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

[٢٦] ئەحمەد حەمەدئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٩٢.

[٢٧] ئەحمەد حەمەدئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢ ؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين العراق في العهد الجمهوری، الطبعة الاولى، مطبعة اراس، ٢٠١٣، ص٢٤٧ — ٢٧٧ .

سەرۆکایەتی (تاهیر یەحیا)(١٩١٦ — ١٩٨٦) ڕاگەیاند[٢٨]. بەم گۆڕانەی کودەتا لەسەر کودەتا بۆ ماوەیەکی کاتی ئازار و پەلاماردانەکانیان لەسەر کوردستان سوك کردووە[٢٩]، هەروەها سەرەتاو دەستپێکێکی کاریگەریش بووە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد[٣٠]، لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەدا ئاگربەست لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق ڕاگەیاندراوە و هێڵی گەمارۆی سەر کوردستانیان هەلگرتووە[٣١]، بەلام ئەم ئاگربەستە ئارامیەکی ئەوتۆی بەدوای خۆدا نەهێنا، چونکە دوای سالێك لە (٤ نیسانی ١٩٦٥)دا ئاگربەستەکە دەشکێنرێ و شەڕێکی نوێی نێوان کورد و حکومەت لە وەرزی بەهاردا دەست پێدەکاتەوە، لە ئەنجامدا گەلێك ناوچەی داگیرکراوی کوردستان لە دەست حوکمڕانی حکومەت ئازاد دەکرێن[٣٢]. ئەم بارودۆخەی کوردستان بۆ (عەبدولسەلام عارف) بارێکی تەنگەتاو دەبێ، بۆیە چەندین هەولی لەناو بردن و کۆتا پێهێنانی شۆڕش دەدات[٣٣]، بەلام هەولەکانی عارف سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێنا، دوای ماوەیەکی کەمی حوکمڕانی (عەبدولسەلام عارف) لە ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەدا مرد[٣٤].

بەشێوەیەکی گشتی لە ماوەی حوکمڕانی (عەبدولسەلام عارف) (١٩٦٣ — ١٩٦٦)دا پێنج کابینەی حکومی پێکهێنراون[٣٥]، لە ماوەی ئەم کابینە حکومیانەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد چەندین هەولی ئاشتەوایی داوە، بەلام بەهۆی جدی نەبوونی نیازی کابینە حکومیەکان، پرسی کورد لە چوارچێوەیەکی کات بەسەربردن ماوەتەوە. دوای ئەوەی (عەبدولسەلام عارف) ڕۆژی (١٣ نیسانی ١٩٦٦)دا لە ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەدا دەمرێت، بە تێپەڕبوونی چوار ڕۆژ بەسەر مردنەکەی (عەبدولڕەحمان عارف)ی برای لە کۆبونەوەیەکی نێوان ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی بەرگری نیشتمانیدا بە سەرۆك کۆماری عێراق دیاریکرا[٣٦]، بەمەش سەردەمێکی نوێی حوکمڕانی لە عێراقدا دەست پێدەکات، ئەو سەردەمەش بەسەردەمی عارفی دووەم ناوزەد دەکرێت.

---

[٢٨] د. جعفر عباس حمیدی، المصدر سابق، الجزء٧، ص ١٥ — ١٧ .

[٢٩] جیرار جالیاند، المأساة الكوردية، ت: عبدالسلام النقشبندی، الطبعة الثانی، مطبعة اراس، اربیل، ٢٠١٢، ص٢٣٨ ؛ کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٤.

[٣٠] د. منذر الفضل، دراسات حول القضية الكردية ومستقبل العراق، الطبعة الثانی، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٤، ص٣٢.

[٣١] فاتح رەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٤٣.

[٣٢] جیرار جالیاند، مصدر سابق، ص٢٣٨ ؛ کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣١.

[٣٣] یەکێك لەو هەولانەی (عەبدولسەلام عارف) لەگەل زانایانی ئاینی عێراق بووە، لە ڕێگای بەستنی کۆنگرەیەکی ئیسلامی، هەولی بە لاڕێدا بردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی داوە، بۆ بەدەستهێنانی فەتوایەك هەولیداوە جولانەوەی کورد بە دەرچوو لە ئاینی ئیسلام ناوزەد بکات، بەلام زانایانی ئاینی کوردستان هەلوێستێکی توند و بوێرانەیان لە کۆنگرەکەدا نواندووە و فەشەلیان بە دەرکردنی فەتوایەکە هێناوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فاخر عالی خان ئاودەل، ڕۆلی زانایانی ئاینی لە ژیانی سیاسی هەولێردا ١٩٤٥ — ١٩٧٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٤٧ — ١٥٥ .

[٣٤] محمود شاكر، تاريخ المعاصر ـ بلاد العراق، الطبعة الاول، المكتب الاسلامی، بیروت، ١٩٩٢، جزء ١١، ص٣٧٢ — ٣٧٣ .

[٣٥] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. جعفر عباس حمیدی، المصدر السابق، الجزء ٧ و ٨.

[٣٦] تشارلز تریب، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠ ؛ http://archive.aawsat./details.asp?issueno = ١١٤٤٥ &article = ٥٦٣١١٣ .Vjcvj_lYo_٤ ٢٠١٥ /٣/١١.

## تەوەری دووەم: پرسی کورد لە کارنامەی حکومەتی (عەبدولرەحمان بەزاز)[٣٧] و بەندو لێکەوتەکانی ڕێکەوتننامەی (٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦)

### أ- کابینەی حکومەتی (عەبدولرەحمان بەزاز) و پرسی کورد لە ڕێکەوتننامەی (٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦)دا.

(عەبدولرەحمان عارف) ڕۆژێك دوای بوون بەسەرۆك کۆمار (عەبدولرەحمان بەزاز)ی بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ ڕاسپارد[٣٨]، بەزازیش کارنامەی حکومەتەکەی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی و لە (١٨ نیسانی ١٩٦٦)دا داوای لە کورد کردووە کە پارێزگاری لە یەکپارچەیی وڵات بکەن و هاوکاری برا عەرەبەکانیان بکەن، سەقامگیری و سەلامەتی نیشتمان و یەکێتی خاکی عێراق بپارێزن[٣٩]، هەروەها هەر یەك لە سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران بەیاننامەیەکیان ئاراستەی گەلی عێراق کرد و لە (١٩٦٦/٤/٢٠)دا بەیاننامەکەی سەرۆك کۆمار لە ئێزگەوە خوێندراوەتەوە، ئەوەی تێدا دەربڕیوە کە بڕوای بەو پرەنسیپانە هەیە کە پێشتر برایەکەی بانگەشەی بۆ دەکرد، بە تایبەت لە بابەت سەروەری یاسا، یەکێتی ناوخۆیی، خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی هەموو توێژەکانی عێراق، دوای ڕاگەیاندراوەکە و ئامادەسازییەکان لە (١٩٦٦/٤/٢٨)دا سەرۆك کۆمار لە ڕێگەی ڕاسپاردنی (زەید ئەحمەد عوسمان) (١٩٢٤ – ١٩٧٨)[٤٠]وە داوای لە (بارزانی) کرد وتوێژ ئەنجام بدەن، لەو بارەیەوە بارزانی داوایەکەی بەلایەوە پەسند بووە، بەڵام دواتر هەر لە لایەن خودی (عەبدولرەحمان عارف) و لە ژێر فشاری توندڕۆکانی ناو دامەزراوەی سەربازی وتوێژکردنی ڕەتکردەوە و پلانی سەربازی ئامادەکراوی بۆ

---

[٣٧] عەبدولرەحمان عەبدول لەتیف حەسەن بەزاز، ساڵی (١٩١٣) لەگەڕەکی (ئەلتکارتە)ی کەرخی شاری بەغدا لەدایکبووە، باوکی قوماش فرۆش بووە، بۆیە ناوبانگی بە بەزاز دەرکردووە. کۆلێژی یاسای لە ساڵی (١٩٣٥) تەواوکردووە، دوای ئەوەی بە نێردەیەکی خوێندن کاندید دەکرێت، ساڵی (١٩٣٨) بڕوانامەی دکتۆرا لە زانکۆی لەندەن بەدەست دەهێنێت و دەگەڕێتەوە بەغدا، لە عێراق چەندین پۆستی زانسی و سیاسی وەرگرتووە. بۆ زانیاری زیاتری ڕەچەڵەك و فکری عەبدولرەحمان بەزاز بڕوانە: سیف الدين الدوری، عبدالرحمن البزاز.. أول رئيس مدنی فی العراق الجمهوری، الطبعة الاولی، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٦، ص١٠ – ٢١ ؛ د. محمد کريم مهدی المشهدانی، عبدالرحمن البزاز دوره الفکری والسياسی فی العراق حتی ثورة ١٧ تموز ١٩٦٨، المطبعة العربية، بغداد، ٢٠٠٢، ص ٢١ – ٣٨ ؛ د. عبدالله حميد العتابی، عبدالرحمن البزاز.. المدنی الذی کاد ان يصبح رئيسا، ١٨/١١/٢٠١٥ http://gilgamish .org/ printarticle.php?id=١٣٥٣٦ ؛ عبد الرحمن البزار أول رئيس وزراء شمري مدني في العراق، http://www .shmmr.net٠٩/١١/٢٠١٥/ .

[٣٨] سیرجی. ج. ئیدموندز، کێشەی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨، ل ١٦ " تشارلز تریب، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠ ؛ http://archive.aawsat. /details.asp?issueno = ١١٤٤٥ &article = ٥٦٣١١٣.Vjcvj_lYo _٤ ٢٠١٥ /٣/١١

[٣٩] مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلول)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، بەرگی سێیەم، ل٢١٤.

[٤٠] لە بنەماڵەیەکی ئاینی هەولێر لە دایکبووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ دەچێتە کۆلێژی یاسای زانکۆی مەلیك فوئاد لە قاهیرە، پاشان دەگەڕێتەوە عێراق و کۆلێژی یاسا لە بەغدا تەواو دەکات. زەید ئەحمەد عوسمان گەنجێکی بوێر و ڕۆشنبیر بووە، بەهۆی بیر و باوەڕ و هەڵوێستە سیاسیەکانی لە لایەن کاربەدەستانی عێراقەوە بەند کراوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: جمال بابان، اعلام کرد العراق، مطبعة شفان، سليمانية، ٢٠٠٦، ص٣٣٦ – ٣٣٧.

سەر کوردستان پەسەند کرد [٤١]. ئەم گۆڕانکاریی و ڕاگەیێنراوانەی کە لە ئەنجامی ئالوگۆڕی حکومەتی نوێ و سەرۆك کۆماردا کران هیچ دەستکەوتێکی ئەوتۆیان بۆ پرسی کورد نەهێنایەدی، حکومەت لە سەرەتای دەستبەکار بوونی پێی وابوو کە ئێران سنوری بەڕوی شۆڕشدا کردۆتەوە یارمەتی سەربازی و خواردەمەنی بۆ کورد دەنێرێت، ئەمەشی بە هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی دژ بە عێراق بە تایبەتی و جیهانی عەرەبی بەگشتی زانیوە، بەو مەبەستە بۆ لێدانی کورد و قوتکردنی هەموو دەروازەیەکی یارمەتی چەندین هەوڵی هەمە لایەنەی داوە، لە دیارترینیان بڕینی ڕێگای سەرەکی نێوان ڕواندز و ئێران بووە، چونکە ئەو یارمەتیانەی کە ئێران بە کوردی داوە بەشێکی زۆریان لەو ڕێگایەدا بە کورد گەیشتوون[٤٢]، بۆیە کاربەدەستانی عێراق لە مانگی (ئایاری ١٩٦٦)دا ترس و نیگەرانی خۆیان لە هەمبەر ئەو یارمەتیانەی ئێران بە باڵوێزی ئەمریکا ڕاگەیاندووە[٤٣].

عەبدولرەحمان عارف سەرەڕای ئەم هەولانەی بە مەبەستی وتوێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کار بە دەستانی ئێران سەردانێکی بە پەلەی تارانی کردووە، ویستویەتی قەناعەت بە ئێران بهێنێ تاکو دەست لە یارمەتیدانی کوردی عێراق بکێشێتەوە[٤٤]، ئەم هەوڵ و پەیوەندییە دبلۆماسییانەی عارف دەکرێ درێژەپێدەری هەوڵە دبلۆماسییەکانی عەبدولرەحمان بەزاز بووبێت، چونکە بەزاز لە کۆتایی ساڵی (١٩٦٥)دا نامەیەکی بۆ سەرۆك وەزیرانی ئێران ناردووە و داوای لێکردووە لە شەڕەکانی دژ بەکورد هاوکارییان بکات[٤٥]، هەر چۆنێ بێت عارف لە بەدەستهێنانی پاڵپشتی و هاوکارییەکانی ئێران دژ بە کورد سەرکەوتوو نەبووە[٤٦].

بەم شێوەیە دوای چەندین هەوڵی دبلۆماسیانەی شکستخواردوو، دەسەلاتدارانی عێراق پەنایان بۆ هێرشی سەربازی برد و هێرشێکی بەربلاویان بۆ سەر کوردستان دەستپێکرد[٤٧]، هێرشەکەیان لە سەرەتای مانگی ئایاری (١٩٦٦)دا ئەنجامدا، هێرشەکانیان بەردەوامی هەبووە تا لە (١٥ مایسی ١٩٦٦)دا هێزەکانی عێراقی لە چیای (هەندرێن)[٤٨] تووشی شکستێکی گەورە هاتوون، سوپای عێراقی سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری کوژراو و ئەسیر، زیانێکی گەورەی مادییان پێکەوتووە، هەر لەو بارەیەوە ڕۆژنامە نووسێکی فەرەنسی کە خۆی گەواهیدەری

---

[٤١] مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. واحد عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ی کورد و حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١ – ١٩٦٨) لێکۆڵینەوەیکی مێژوویی سیاسیە، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٧٧- ٢٧٨.

[٤٢] فاروق محەمەدئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤ ؛ د. گونتەر دێشنەر، کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤، ل٢٤٦ ؛ سیرجی ج ئیدموندز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

[٤٣] ١٨٠. Telegram From the Embassy in Iraq to the Department of State/\/Baghdad, May ١٧, ١٩٦٦, ١٢٤٠Z. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

[٤٤] سامی شۆرش، عێراق و دەوروبەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٢، ل١٢.

[٤٥] حامید گەوهەری، تراویلکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی کارۆلینسکا، ستۆکهۆڵم، سوید، ٢٠١٣، ل٢٩٨.

[٤٦] فاروق محەمەدئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

[٤٧] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: چەند لاپەڕەیەك لە بیرەوەرییەکان خورشید شێرە هێرشی بەربلاوی ١٩٦٥/١٢/٢٦ی دوژمن بۆ سەر دەشتی هەولێر، "سەفین" (گۆڤار)، ژ (٥٨)، حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل٢٠ – ٢٤ .

[٤٨] چیای هەندرێن کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی قەزای ڕواندز و بەرامبەر چیای کۆڕەك، ئەم چیایە بەهۆی گەورەیی و زۆری ڕێچکەکانیەوە تا ڕادەیەك بە چیایەکی حاسێ دادەنرێت. (توێژەر).

شەڕەکە بووە، دەڵێت: سەربازەکانی عێراق لەسەرەتادا هاواریان دەکرد"**قیامەتە، قیامەت**" [٤٩]، ئەوەی شیاوی باسکردنە لەهەمان هێرشی سوپای عێراقدا بەهۆی بۆردومانی ئاسمانییەوە گوندێکی زۆری کوردستان وێرانبوون[٥٠]. ئەم شەڕ و شکستەی سوپای عێراقی پێدەچێت دەنگۆیەکی گەورەی جیهانی لێکەوتبێتەوە، بە تایبەتیش وڵاتانی هەرێمی تورکیا و ئێران، چونکە لەو کاتەدا بەزاز توانیویەتی سەرنجی تورکیا بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، چەند ڕۆژێك دوای شەڕەکە لە (٢٣ مایسی ١٩٦٦)دا وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی عێراقی کردووە، لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا بە ناڕاستەوخۆ دژی کورد دواوە، هەروەها بوونی ئەم پەیوەندییە وای لە عێراق کردووە بە هەماهەنگی هاوکاری تورکیا دژی جوڵانەوەکانی کورد لەگەڵ ئێراندا ڕێکبکەوێ، بەڵام ئەم هەوڵەی حکومەتەکەی سەری نەگرتووە و ڕەزامەندی ئێرانی پێوەرنەگیراوە، هەر لەو سەروبەندەدا ئێران نیگەرانی خۆی لە سنوور تێپەڕینی سەربازەکانی عێراق دەربڕیووە[٥١].

بە شێوەیەکی گشتی ڕێکەوتنامەکەی نێوان حکومەتی عێراق و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەسەردەمی کابینەکەی بەزازدا، بەهۆی چەند هۆکارێکی دەرەکی و نێوخۆییەوە هاتۆتە ئارا، هۆکاری دەرەکی دوای بێئومێد بوونی ئەو هەوڵانە هات کە حکومەتەکەی بەزاز لە هەمبەر برینی هاوکاری و کۆتایهێنان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە دیارترین هەوڵ و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئێران بووە، چەند سەردانێکی دیبلۆماسیان بۆ ئێران ئەنجامداوە، بەڵام نەیانتوانیوە قەناعەت بە ئێران بهێنن تاکو یارمەتیەکانی بۆ شۆڕشی ئەیلول ڕابگرێت، هەروەها هۆکاری نێوخۆیی واژۆکردنی ڕێکەوتنامەکە بە هۆی ئەو شکستە گەورەیە بووە کە حکومەتی بەزاز لە شەڕی هەندرێن تووشی بووە، وێڕای زیانێکی زۆری ماددی زیانێکی زۆری گیانی لێکەوتۆتەوە.

بەم شێوەیە کابینە وەزارییەکەی بەزاز ناچار بووە داوای دانوستاندن لە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بکات[٥٢]، لە لایەن کاربەدەستانی حکومەت ئەوە ڕاگەیێنراوە کە دەبێت سنوورێك بۆ ئەو بارە نا ئاساییە کە لە سەرووی نیشتماندا هەیە (مەبەست لێی کوردستان) بووە[٥٣]، لەبەرامبەر ئەو داوایەی حکومەت، سەرکردایەتی سیاسی کورد ئامادەیی خۆی بۆ دانوستان نیشانداوە، لەو بارەیەوە (عەبدولرەحمان بەزاز) لە بانگەوازێکیدا ئامادەیی حکومەتەکەی بۆ چارەسەری پرسی کورد دەربڕیوە، لە (١٩٦٦/٦/١٥)دا (زەید ئەحمەد عوسمان)ی وەك نێردراوی تایبەتی بەزاز، بە پێشنیاز و بۆچوونی نوێ نێردراوەتە کوردستان، هەمان ڕۆژ بەزاز لە ئێزگە و تەلەفزیونی عێراقەوە ئەوەی ڕوونکردووە کە ڕێکەوتننامەیەکی نوێ بۆ پرسی کورد پێشنیاز دەکات،

---

[٤٩] سەبارەت بە ڕۆژی شەڕەکە و شکستی سوپای عێراق، ئەم دوو نووسەرە ڕای جیاوازییان هەیە، یەکێکیان ڕۆژی (١٢ ئایار) و ئەوەی دیکەیان (١٥ ئایار)ی نووسیوە. هەرچۆنێ بێت دەکرێ شەڕەکە لە ناوەڕاستی مانگی (ئایاری ١٩٦٦) بووبێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاوڕێ باخەوان، هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد، چاپی دووەم، ٢٠٠٥، ل٥٠٥؛ جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی: کوردۆ، بێ شوێنی چاپ، ل١٧٥ ؛ پارتی دیموکراتی کوردستان - مەکتەبی سیاسی، هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکانی عێراق لەمەڕ کێشەی کورد ١٩٤٦ – ١٩٧٠ ، چاپی یەکەم، ١٩٩٧، ل١٢٧.

[٥٠] بەهرۆز جەعفەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦.

[٥١] جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦.

[٥٢] سەروەر عبدالرحمن عمر، پارتی کۆمۆنیستی عیراق و مەسەلەی کورد(١٩٣٤-١٩٧٥) توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، زانکۆی سلێمانی، "بلاونەکراوە"، ٢٠٠٨، ل٢٣٥.

[٥٣] بەشیر حوسین سەعدی، پەیام لە مێژووی نەتەوەی کورد، چاپخانەی دارا، هەولێر، ١٩٩٧، ل٢١١.

ئەم پێشنیاز و هەڵوێستەی بەزاز پێچەوانەی گوتار و هەڵوێستەکانی پێشووتری بووە، چونکە لەچەند وتارێکی بەر لە شکستەکەی سوپا جوڵانەوەی کوردی بە یاخیبوو ناوبردووە[٥٤]. بەزاز لە وتارێکیدا نیازی حکومەتەکەی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد خستۆتە ڕوو، ئاماژەی بەوەشکردووە کە عێراق تەنها هی عەرەب نیە بەڵکو بە پێی قەبارەیان هی کورد و عەرەبە، لە چوارچێوەی ئەو پێشنیازانەدا وەڵامی سەرکردایەتی سیاسی کورد پاڵپشت بە ماف و داخوازییەکان[٥٥] هەڵوێستی ئەرێیانەی بۆ بانگەوازەکە هەبووە، بۆ ئەم مەبەستە لە بەرواری (١٣ حوزەیرانی ١٩٦٦)، شاندێکی (پارتی دیموکراتی کوردستان) چوونەتە بەغدا، شاندەکە لە (نافیز جەلال، سالح یوسفی، حەبیب محەمەد کەریم و عەلی عەبدوڵا) پێکهاتبوو، گفتوگۆی شاندەکە بە بەراورد لەگەڵ گفتوگۆکانی دیکەی پێشووتر سەرکەوتووتر بووە[٥٦]، لە ئەنجامی گفتوگۆیەکاندا (عەبدولرەحمان بەزاز) ڕێکەوتننامەیەکی دوازدە خاڵی لە (٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦)دا بلاوکردەوە، لەم مێژووە بەدواوە بەفەرمی ئاگربەست ڕاگەیێندراو لەسەر بنچینەی جێبەجێکردنی سیستەمی لامەرکەزی کوردستان ڕێکەوتننامەکە واژۆ کرا، بۆیە ڕێکەوتننامەکە بە (ڕێکەوتننامەی بەزاز)یش ناسراوە[٥٧].

بەم شێوەیە لە یەك کاتدا بەیاننامەکە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی عێراق لە بەغدا لەلایەن عەبدولرحمان بەزاز سەرۆك وەزیرانی عێراق و حەبیب محەمەد کەریم (١٩٣١ – ٢٠١٣)[٥٨] ئەندامی شاندەکە ڕاگەیاند، لەهەمان کاتدا بەیاننامەکە لە لایەن حەبیب محەمەد ئەندامی شاندی کورد بە زمانی کوردی خوێندرایەوە، لە ڕاگەیێندراوەکەدا بنەماکانی یەکێتی نیشتمانی و چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لە دوازدە مادە دیاری کردبوو، شیاوی باسکردنە سێ ماددەی ڕێکەوتننامەکە بەهۆی نهێنی بوونیان لە ڕێکەوتننامەکەدا بلاونەکراوەتەوە، هەروەها بە بۆنەی ئەم ڕێکەوتننامەیە مەلا مستەفا بارزانی بروسکەیەکی بۆ سەرۆك عەبدولرەحمان عارف و عەبدولرەحمان بەزاز ناردووە، کە تێیدا پشتیوانی خۆی بۆ ناوەڕۆکی بەیاننامەکە دەربڕیوە، ئەوەی ڕاگەیاندووە کە ئەو لە لای خۆیەوە کار بۆ هەموو ئەو شتانە دەکات کە لە ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە[٥٩].

### ب- بەندەکانی ڕێکەوتننامەی ٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦

دوای شکستهێنانی سوپای عێراق لە شەڕی (هەندرێن)، لە ئەنجامی دانوستانەکانی نێوان سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکومەتی (عەبدولرەحمان بەزاز)، ڕێکەوتننامەیەکیان واژۆ کردووە و لەسەر ئەم چەند خاڵانەی

---

[٥٤] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سێرجی ج ئیدموند، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧ – ٦١ ؛ جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.

[٥٥] شاكر خدو محوى، المسألة الكوردية فى العراق المعاصر، ت: د. عبدى حاجى، الطبعة الاول، مطبعة خانى، دهوك، ٢٠٠٨، ص٣٣٢.

[٥٦] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەمەد سالح عەقراوی، کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧، ل١٣٧ – ١٣٨ ؛

[٥٧] سەروەر عبدالرحمن عمر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥.

[٥٨] کەسایەتییێکی کوردی فەیلییە، لە ناحیەی زرباتیەی پارێزگای واست لەدایکبووە، سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی لە بەغدا تەواوکردووە، لە ساڵی (١٩٥٩)دا بڕوانامەی کۆلێژی یاسای لە زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە، چەندین پلەی سیاسی و حیزبی وەرگرتووە. http://www.gilgamish.org/viewarticle.php?id=kurdish_persons-٢٠١٣٠٧٣١-٣١٢٤٥/٩ /٩/٢٠١٦ .

[٥٩] سێرجی ج ئیدموند، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

خـوارەوە ڕێكـەوتوون و لـە بەياننامەيـەكی (دوازدە)[٦٠]خاڵیـدا ڕێكەوتننامەكـە ڕاگـەيێنراوە، خاڵـەكانيش لـەم ماددانەی خوارەوە پێكهاتوون:

١. دانپێدانانی نەتەوەی كورد لە دەستوری هەميشەييدا، دارشتنەكەی بەجۆرێك بێت، وا ئاماژە بكرێت كە عێراق هی عەرەب و كوردەكانە، هەروەها دانپێدانان لە ياسای پارێزگاكانـدا لەسـەر بنـەمای لامەركـەزی بە جۆرێك كە هەر ليوا و ناحيەيەك كەسايەتييەكی مەعنەوی دانپێندراوی هەبێ.

٢. دانپێدانانی زمـانی كـوردی وەكـو زمـانێكی ڕەسمـی لەگـەڵ زمـانی عـەرەبی لـەو ناوچـانەدا كـە زۆرينـەی دانيشتوانی كوردن و ئەم زمانەش لەگەڵ زمانی عەرەبی زمانی فێركردن دەبێ.

٣. بەشـداری پێكردنـی كوردەكـان لـە ئەنجوومـەنی نيشـتيمانی داهـاتوودا بـە ژمارەيـەك كـە لەگـەڵ ژمـارەی هـەموو دانيشـتواندا گونجـاو بێـت. هـەروەها كوردەكـان لەگـەڵ بـرا عەرەبەكانيانـدا لـە گشـت پايـە گشتييەكاندا بەپێی ڕێژەی دانيشتوان بەشداری دەكەن.

٤. تـەرخانكردنی ژمارەيـەك لـە نێـردە و دەرفەتـە بەخشـراوەكانی خوێنـدن لـە هـەموو لـق و ئاسـتەكان و ناردنيان بۆ دەرەوەی وڵات و گرنگيدانی زانكۆی بەغدا بە خوێندنی زمانی كوردی.

٥. ڕێگـادان بـە كوردەكـان بـە دامەزرانـدنی ڕێكخـراوی سياسـی لـە سنووری ياسـا و مـافی گوزارشـتكردن لـە ئارەزووەكانی خۆيان لە ڕۆژنامە كوردیی و عەرەبيەكاندا.

٦. دەركردنی لێبوردنی گشتی بۆ هەموو ئەوانەی كـە لـە كـاری تونـدوتيـژيی بەشـدارييان كـردووە، هـەروەها گەڕانەوەی هەموو فەرمانبەرانی كورد بۆ سەر كارەكانی پێشويان.

٧. دەركردنی ڕێنمايی بۆ كەسانی پۆليس و هێزە چەكدارەكان، دوای دەرچـوونی ئـەم ڕاگـەيێنراوە دەبـێ لـە ماوەی دوو مانگدا بە چەكەوە بۆ يەكەكانی خۆيان بگەڕێنەوە.

٨. كوردەكان چە و كەرەستەكانی جەنگيان تەسليم بـە حكومـەت بكـەن، لەبەرامبەريشـدا حكومـەت كـار بـۆ گەڕانەوەی ژيانی سروشتی ئەوان دەكات و حكومەت لەبەرامبەر ژيانياندا بەرپرسيار دەبێ.

٩. گەڕانـەوەی دادوەرە كوردەكـان بـۆ سـەر شـوێن و پلـەكانی خۆيـان، ئەمـەش دوای جێگيربـوونی ئـارامیی و گەڕانەوەی ئاشتی دەبێت[٦١].

١٠. پێكهێنانی لێژنەيەكی ئاشتی و ئاوەدانكردنەوەی ناوچە كورديەكان، بـە جۆرێـك كـە بـڕە پـارەی پێوسـتی بۆ تـەرخان بكـات و بـدرێت بـە بەڕێوەبەرايـەتی كـار و بەرژەوەنديـەكانی بـاكوور، كـە لـە لايـەن وەزيـری بەرپرس بۆ بەرهەڵستی توندوتيژی و ئاوەدانكردنەوەی باكوور خەرج دەكرێ.

[٦٠] چـەند سەرچـاوەيەك ئامـاژە بـە (پـازدە) خـاڵی ڕێكەوتننامەكـە دەكـەن، بـەڵام گوايـە سـێ خـاڵ بـەهۆی نهێنـی بوونيانـەوە لـە ڕێكەوتننامەكەدا ڕانەگەيێنراوە. بۆ زانياری زياتر بڕوانە: جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩ " د. شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطی الكردستانی و حركة التحرر القومی فی العراق، الطبعة الاول، مطبعة رون، سليمانية، ٢٠٠٤، ص١٩١ . هـەروەها سـەبارەت بـە نـاوەڕۆكی بەنـدەكانی ڕێكەوتننامەكـە لـە زۆربـەی سەرچـاوەكانی تايبـەت بـە ڕێكەوتنامەكـە هاوچـۆنيەكی تـەواو لـە نێـوان بەندەكانـدا هەيـە، بۆيـە تێكـڕای ئـەو بەندانـەی كـە لـەم توێژينەوەيـەدا باسـكراون نـاوەڕۆكی پێكهاتـەی ئـەو مادانـەن كـە لـەو سەرچاوانەوە باسكراون، بە شێوەيەكی بابەتيانە وردەكاريی و بەراوردكارييان بۆ كراوە.

[٦١] لە خاڵی نۆيەم و دەيەمدا هەريەكـەيان لـە بەشـێوەی خـاڵی (أ، ب، ج)دا باسـكراوە، بـەڵام تـا ڕادەيـەك هـەمان مانـای ئـەم خاڵانـە دەدات كە لێرەدا نووسراون. بۆ زانياری زياتر بڕوانە: محەمەد سالح عەقراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١ — ١٤٤.

١١. قەرەبوو چاودێریکردنی هەموو ئەوانەی کە بەهۆی کاری توندوتیژیی کوردستان زیانیان پێگەیشتووە.
١٢. تەنیا حکوومەت لە ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەرپرسیارە و حکوومەت سوپا و هێزی چەکداری ئەوەندە هەیە کە بتوانی ئەم ئەرکە پیرۆزە بەجێ بهێنێ[٦٢].

وەك لە هاوپێچی دەقی خاڵەکانی ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە ئاماژە بە لێبووردنی گشتی سەرجەم ئەو کەسانە کراوە کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە ڕووداوەکانی تایبەت بە باکووری عێراق تێوەگلاون[٦٣]، هەروەها ئەو گیراوانەی کە لەسەر پرسی کورد گیرابوون ئازاد کران و گەڕانەوە سەر کاروبارەکانیان[٦٤]. لەژێر ڕۆشنایی خاڵەکانی ڕێکەوتننامەکەدا لێژنەیەکی هاوبەشی سیاسی کورد و حکومەتی عێراق بەناوی (لێژنەی باڵای کاروباری باکوور)ەوە پێکهات، بە مەبەستی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەکە چەند هەنگاوێکی بەراییان ناوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کارەکان زۆر بەسستی بەڕێوە دەچوون[٦٥].

### ج- لێکەوتە و ڕووداوەکانی دوای ڕێکەوتننامەی بەزاز

بە شێوەیەکی گشتی ئەو خاڵانەی کە لە ڕێکەوتننامەی (٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦)دا هاتبوو دەستکەوتێکی گرنگ و بایەخداری هەبووە، ناوەڕۆکی بەیاننامەکە بۆتە جێی ئومێد بەخشی کورد و گەلانی عێراق[٦٦]، بەڵام وەك هەمیشە سەرکردایەتی سیاسی کورد بەتەواوی لە جێبەجێکردنی خاڵ و بەندەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە دڵنیا نەبووە، ئەم دڵنیا نەبوونەی سەرکردایەتی کورد هەر بەزوویی دەرکەوتووە، چونکە هەر زوو ئەفسەرە نەتەوە توندڕۆکانی سوپای عێراق سەرەڕای هەبوونی چەند هۆکارو مەترسی بۆ سەر لەدەستدانی بەرژەوندییەکانیان[٦٧]، ڕێکەوتننامەکەشیان بەسەر دانەواندنێك لە بەرامبەر خواستەکانی کورد دا دەزانی، پێیان وابوو کە بەزاز کەسایەتییێکی مەدەنیە و بە تەنها و بەبێ پرس و بەشداری پێکردنی کەسایەتیە سەربازییەکان ئەو ڕێکەوتنەی لەگەڵ کورد دا واژۆ کردووە، بۆیە ڕۆژێك دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ڕێکەوتننامەکە لەلایەن

[٦٢] بۆ زانیاری زێتری دەقی خاڵەکان بڕوانە: بەشیر حوسێن سەعدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١١ – ٢١٦ ؛ سیرجی ج ئیدمونـد، س، پ، ل ٥٧ – ٦١ ؛ مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٤، ل٢٢٨ ؛ د. جعفر عباس حمیدی، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوری ١٩٥٨ – ١٩٦٨ ، الطبعة الأولى، بغداد، ٢٠٠٥، الجزء التاسع، ص ٦٠ – ٧٤ ؛ حبيب تومی، البارزانی مصطفی قائد من هذا العصر، الطبعة الاولى، مطبعة اراس، اربيل، ٢٠١٢، ص٥٥١ – ٥٥٤ ؛ شاكرو خدو محوی، المصدر السابق، ص ٣٣٣ – ٣٣٥. هەر لەبارەی ناوەڕۆکی خاڵ و بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە بارزانی لە دوای کۆنگرەی حەوتەمی پارتی یاداشتێکی چەند لاپەڕەیی داوەتە حکومەتی عێراق، لە یاداشتەکەدا وێڕای جەختکردنەوە لەسەر جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە نیگەرانی لە زوو بەدەمەوە نەچوونی کاربەدەستانی عێراقی خستۆتە ڕوو، هەروەها نیازپاکی کوردیشی لەو بارەیەوە دووپاتکردۆتەوە و تاوتوێی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکەی کردووە. بۆ زانیاری زێتر بڕوانە: مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٦ – ٤٠١ .

[٦٣] د. جعفر عباس حمیدی، نفس المصدر، ص٧٠.

[٦٤] بەشیر حوسێن سەعدی، هەمان سەرچاوە، ل٢١٧.

[٦٥] د. واحد عومەر محێدین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٥.

[٦٦] د. شوان محەمەدئەمین خۆشناو، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣ – ١٩٧٠ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویيە لە بارودۆخی سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦، ل٢٢٤.

[٦٧] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: چارلز تریب، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی عێراق، وەرگێڕانی: محەمەد حوسین ـ عەبدولقادر کەلهوڕ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٤١.

دەستەیەکی سەربازی و مەدەنییەوە بە سەرۆکایەتی ئەفسەری فڕۆکەوان (عارف عەبدولرزاق)(١٩٢١ – ٢٠٠٧) کودەتایەکی بێ دەستکەوت و دەرئەنجامیان دژ بە سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران ئەنجامدا، بەهۆی ئەم ترسەوە بەزاز لە (٢ تەمموزی ١٩٦٦)دا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە هەندێ بۆچوونی خۆی پاشگەز بوویەوە، ئەوەی ڕاگەیاندووە کە عێراق وڵاتێکی عەرەبیە و هەر بە عەرەبیش دەمێنێتەوە[٦٨].

لەگەڵ ئەوەی بەزاز لە ڕێکەوتننامەکەیدا سەرجەم خواست و داواکارییەکانی کوردی جێبەجێ نەکرد[٦٩]، بەڵام لە حکومەتەکەیدا چەند کارێکی وەك دەستپێشخەری ئەنجامداوە، یەکێك لەو کارانەی لە (١٠ تەمموزی ١٩٦٦)دا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی باکووری دامەزراند، ئەم جموجۆڵ و کارانەی بەزاز بۆتە جێی نیگەرانی عەرەبە توندڕۆکانی نێو سوپا و پێکهاتەی حکومەتەکەی، ئەو کارانەی بەزازیان بە لاوە پەسەند نەبووە، بەم هۆیەوە نەیارەکانی توانیان فشار بخەنە سەر عەبدولرەحمان عارف تاکو بەزاز لە سەر کار دوور بخەنەوە، لە ئەنجامی ئەو فشارانەدا بەزاز لە (٧ ئابی ١٩٦٦)دا دەستی لەکار کێشایەوە[٧٠]، دوای دەست لە کار کێشانەوەی بەزاز، ئەرکی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت بە (ناجی تالب)(١٩١٧ – ٢٠١٢)[٧١] سپێردرا، ئەویش لە نێو کوردەکاندا (ئەحمەد کەمال قادر)ی[٧٢] بە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوەی باکوور دامەزراند[٧٣].

(ناجی تالب) بەڵێنیدا ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەکەی بەزاز جێبەجێ دەکات[٧٤] و ڕێز لە ڕێکەوتننامەکە دەگرێت[٧٥]، بەڵام ئەو قەوالە بە گەواڵەیەی حکومەت بۆتە جێی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی سەرکردایەتی سیاسی کورد، ئەم نیگەرانیەی کوردیش لە جێی خۆیدا بووە، چونکە دوای ماوەیەك حکومەتی نوێی ناوبراو هیچی بەندێکی لە ڕێکەوتننامەکەی بەزاز جێبەجێ نەکردووە، بەم هۆیەوە هێزی پێشمەرگە لەبەرامبەر هەر پێشهاتێکی نەخوازراودا کەوتەوە باری ئامادەسازی، بەڵام لە هەمان کاتدا باری شۆڕش و بزووتنەوەی

---

[٦٨] جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩ – ١٨٠؛ ئەسغەر جەعفەر ویلدانی، کورد و پەیوەندییەکانی ئێران و ئێراق، وەرگێڕانی: بەختیار شەمەیی، ل٨. ئەم سەرچاوەیە چەند بەشێکی وەرگێڕدراوی کتێبی (بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق)ە، ساڵی ١٩٨٨ لە لایەن (دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی)یەوە بڵاو کراوەتەوە، ئێستا بەشێوەی (پی دی ئیف)ی دوو تویی کتێب لە لای توێژەر بەردەستە.

[٦٩] چارلز تریب، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٢.

[٧٠] جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

[٧١] ناجی تالب ساڵی (١٩١٧) لە ناسریە لە دایکبووە، ساڵی (١٩٣٧) کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە، ساڵی (١٩٤٦) بۆتە (ڕائد ڕوکن)ی سوپای عێراق، یەکێك بووە لە ئەفسەرە ئازادەکان و بەشداری لە شۆڕشی چواردەی تەممووزدا کردووە، ساڵی (١٩٦٦) پلەی (عەمید ڕوکن)ی وەرگرتووە. http://www.nasiriyah.org/٨/٨/٢٠١٦ " أ.د. عبدالفتاح علي البوتاني، موقف رئيس وزراء العراق الاسبق ناجي طالب من الحقوق القومية الكوردية، http://www.sotakhr.com/٢٠٠٦/index.php?id=١ /٩/٩/٢١٦

[٧٢] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

[٧٣] د. واحد عومەر محێدین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٢ ؛ http://wwwallafblogspotcom.blogspot.com/٢٠١٥/ ٠٣ /٩/٩/٢٠١٦/٩-١٩٦٦-٣-١٩٦٧.html

[٧٤] جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

[٧٥] د. واحد عومەر محێدین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٢.

ڕزگاریخوازی باشوور بەهۆی ناکۆکی سیاسی نێوخۆییەوە تا ڕادەیەك تووشی شلۆقی و ئالۆزی ببوو [٧٦]. هەرچۆنێ بێت جموجۆڵە سیاسییەکان لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەکەی بەزازدا بەردەوامیان هەبووە، لە (١٩٦٦/١٠/٢٦)دا عەبدولرەحمان عارف سەردانی کوردستانی کردووە، مەبەست لە سەردانەکەی پیادەکردن و چەسپاندنی برایەتی کورد و عەرەب بووە، هەر لەو سەردانەیدا لە بەرواری (١٩٦٦/١٠/٢٨)دا لە سەربازگەی (هاودیان)ی نزیك ڕواندز چاوی بە بارزانی کەوتووە، عارف دڵنیایی ئەوەی داوەتە بارزانی کە بەندەکانی ڕێکەوتننامەی ٢٩ حوزەیران لە لایەن حکومەتی نوێ جێبەجێ دەکرێن [٧٧]. ئەم سەردانەی عارف جگە لە سوود وەرگرتن لە کات پێناچێت نییەتێکی ڕاستەقینەی چارەسەری و دڵنیایی بۆ کورد هەبووبێت، چونکە بیست ڕۆژێك پێش سەردانەکەی عارف بۆ کوردستان، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك کۆبونەتەوە، تەوەرێکی کۆبونەوەکەیان تایبەت بووە بە پرسی کورد، وەزیری دەرەوەی عێراق ئەوەی بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕاگەیاندووە ئێمە ئومێدمان بە ئێوە هەیە کە ڕێگری لە یارمەتییەکانی ئێران بۆ کورد بکەن [٧٨]. هەر سەبارەت بە سەردانەکەی عارف، بارزانی لە لای خۆیەوە ڕوونیکردۆتەوە کە ئاشتی و هێمنی عێراق بە ئاوات دەخوازێت، هەروەها لە (١٥ تشرینی دووەمی ١٩٦٦)دا کۆنگرەی حەوتەمی پارتی لە گەلاڵە دەبەستڕێ، کۆنگرەکە بە ڕێکەوتننامەکەی بەزاز ڕازیبووە، لەگەڵ ئەم هەموو بەدەمەوە چوونەی سەرکردایەتی شۆڕش حکومەتەکەی ناجی تالب هیچ بەندێکی سەرەکیان لە ڕێکەوتننامەکەی بەزازدا جێبەجێ نەکردووە [٧٩]، بۆیە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە کۆتاییەکانی مانگی (تشرینی دووەمی ١٩٦٦)دا بیرخەرەوەیەکی داوەتە حکومەت و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و وەستاندنی شەڕ و خوێنڕێژی جەختی لەسەر جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکەی (٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦)ی کابینەی حکومەتەکەی بەزاز کردۆتەوە [٨٠]، بەڵام حکومەت هیچ وەڵامێکی ئەو بیرخەرەوەیە نەداوەتەوە، بۆیە دوای ماوەیەك ڕووداوە سیاسییەکان ئاستەنگ و گرژیان بەخۆوە بینیوە و ڕەگەزەکانی شەڕ بەرەو پێشەوە ڕۆیشتوون، حکومەت سەر لەنوێ دەستی بە وادە و بەڵێندان کردۆتەوە، تا بارە ئاڵۆزەکە کەمێك هێور بکاتەوە، جێگری سەرۆك وەزیران (ڕەجەب عەبدولحەمید) لە (١١ ئاداری ١٩٦٧)دا لە دەڤەری باڵەکایەتی چاوی بە بارزانی کەوتووە، ئەوەی پێڕاگەیاندووە کە حکومەت سوورە لەسەر جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەی (٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦) [٨١]، بەڵام وەك دەردەکەوێت لە دوای دەست لە کارکێشانەوەی (عەبدولرەحمان بەزاز) هیچ بەرەوپێش چوونێکی بەرجەستەکراو لە جێبەجێ بوونی

---

[٧٦] بۆ وردەکاری زێتری ناکۆکییەکان بڕوانە: دیفید أدامسن، الحرب الكردية وانشقاق ١٩٦٤، ترجمة: جرجيس فتح الله، الطبعة الاولى، دار اراس للطباعة والنشر و منشورات الجمل، اربيل، ٢٠١٢ ؛ جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١ ؛ ئامانج حەسەن ئەحمەد، برایم ئەحمەد ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕووناکبیری گەلی کورد دا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٨٩ — ٢٣٤ .

[٧٧] شەوکەت مەلا ئیسماعیل حسن، ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ — ١٩٧٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٤٢؛ عادل باخەوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥٠؛ جەمال نەبەز، هەمان سەرچاوە، ل١٨٠. بۆ بینینی وێنەی ناوبراوان بڕوانە: پاشکۆی وێنەکان.

[٧٨] Washington, October ١٨٤. Telegram From the Department of State to the Embassy in Iraq/٧/
٨, ١٩٦٦, ٣:٥٦ p.m.

[٧٩] مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٢.

[٨٠] شيركو فتح الله عمر، مصدر سابق، ص١٩٧.

[٨١] جەمال نەبەز، ل١٨٢.

ڕێكەوتننامەكەی بەزازدا نابینرێ، جگە لە كات بەڕێكردن و سوود وەرگرتن لێی نیازێكی جدی لە كابینە حكومیەكانی دوای بەزاز بەدی ناكرێت.

بەشێوەیەكی گشتی ئەم هەوڵانەی حكومەت تەنها بۆ ساردكردنەوە شۆڕش بووە و بەس، لە ژێرەوەدا هەوڵی بەهێزكردنی پەیوەندیەكانی لەگەڵ توركیادا داوە و هەموو جموجۆڵێكیان بۆ پەكخستنی ڕێكەوتننامەكەی (٢٩ حوزەیران) بووە، ئەم هەوڵانەش دوای ماوەیەكی كەم دەركەوتووە، چونكە لە دوای ئەم هەموو ئالوگۆڕی دەسەلات و حكومەت پێكهێنانە هیچ یەكێك لە بەندەكانی ڕێكەوتننامەكەی نێوان حكومەتی بەزاز و كورد جێبەجێ نەكراوە، بەم شێوەیە دەكرێ بگوترێ ڕێكەوتننامەی (٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦)ی عەبدولرەحمان بەزاز بە مردوویی لە دایكبوو و هیچ مافێكی بەرجەستەكراوی بۆ كورد بەدی نەهێنا، هەروەها جگە لە حەسانەوەی ماوەیەكی شەڕ شتێكی ئەوتۆی لێ بەردەست نەبووە، ڕێكەوتننامەكە هەر لەسەرەتاوە ڕێكەوتننامەیەكی كۆنكریتی ڕیشەیی، یاسایی و دەستووری نەبووە، لە نێوەرۆكدا چەندین مەغزا و لێكدانەوەی جیاوازی بۆ دەكرا، لە لایەن حوكمڕان و دەسەلاتدارانی عێراقەوە ڕێ و شوێنی كردەیی جێبەجێ بوونی خاڵەكانی ڕێكەوتننامەكە نەگیراوەتەبەر و بە كات بردنە سەر هەوڵی فەرامۆشكردنی ڕێكەوتننامەكە دراوە.

## دەرئەنجامەکان:

**لەژێر ڕۆشنایی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەم چەند دەرئەنجامانەی خوارەوە:**

- لە دوای شۆڕشی (١٤ تەمموزی ١٩٥٨)دا سەرکردایەتی سیاسی کورد لێبڕاوانە لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی کە لە عێراقدا ڕوویانداوە، لە پێناو سەقامگیری و ئارامی کوردستان، وەك نیاز پاکیش بروسکەی پیرۆزبایی بۆ ئەو هێز و دەسەڵاتە ناردووە کە هاتۆتە سەر حوکمی عێراق.
- دوای هێرشە فراوانەکەی سوپای عێراق و شکستهێنانی لەشەڕی (هەندرێن)، بۆ یەکەم جار ڕێکەوتننامەیەکی چارەسەریی لە لایەن کەسایەتییێکی مەدەنی دەخرێتە بەردەم سەرکردایەتی سیاسی کورد کە دواتر ڕێکەوتننامە دوازدە خاڵییەکەی لێکەوتۆتەوە.
- ئەم ڕێکەوتننامەیەی نێوان کورد و حکومەتەکەی بەزاز لەیەك کاتدا بۆ حکومەتی عێراق و کورد گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، چونکە هەردوولایان لە گێروگرفتی نێوخۆیی دابوون، حکومەتی عێراق لە هەوڵی سەقامگیری و چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی دابوو، کوردیش هەوڵی چارەسەری ناکۆکی و ململانێی سیاسی نێوخۆی دەدا.
- بە واژۆکردنی ڕێکەوتننامەکە، ماوەیەکی ئارامی هێمنی بەهەردوو لایەنی عێراق و کورد بەخشیوە.
- داروودەستەی حکومەتی عێراق بە جیاوازی لەگەڵ ویستی بەزاز دا جددی نەبووە لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە، بەشێکی خاڵەکان تەنها بە بڕیارێك دەکران و کارێکی وا ئەستەم نەبوون.
- حکومەتی عێراق هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخی ناوخۆیی دەسەڵاتەکەی داوە، بەو ئامانجە هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی نێو ڕیزی سەرکردایەتی کوردی داوە، جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەکەی بەلاوە گرنگ نەبووە، بۆیە ڕێککەوتننامەکە هەر لەسەرەتاوە سستی پێوە دیار بووە، جگە لە لێژنە دروستکردن و سەردانیکردنی یەکدی، هەوڵێکی جددی لە حکومەتەکەی بەزاز بەدی ناکرێت.
- لەگەڵ ئەوەی بەزاز لە ڕێکەوتننامەکەیدا سەرجەم خواست و داواکارییەکانی کوردی جێبەجێ نەکرد، بەلاّم ئەوەی لە ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە، هیچ حکومەتێکی پێش خۆی کە ژمارەیان پێنج کابینە بووە بەشێوەی کابینەکەی بەزاز ڕێکەوتننامە لەگەڵ کورددا واژۆ نەکردوە.
- دید و بۆچوونەکانی عەبدولرەحمان بەزاز بەرامبەر پرسی کورد دەکرێ لە ڕوانگەیەکی سیاسی نەتەوەییەوە تەماشای کردبێ، ئەمەش لە دەق و ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەکە بەدی دەکرێت، بەزاز دیدێکی تایبەتی سەبارەت بە پرسی کورد هەبووە بۆیە ڕێککەوتنەکە بەو شێوەیە واژۆ کراوە.
- لەگەڵ ئەوەی خودی کەسایەتی عەبدولرەحمان بەزاز هەوڵی چارەسەر و جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکەی داوە، بەلاّم بەهۆی کەمی مانەوەی لەسەرۆکایەتی وەزیراندا، نیاز و مەرامەکانی بەزاز وەك کەسایەتیەکی سیاسی و مەدەنی عێراق سەبارەت بە پرسی کورد بە ناڕوونی ماوەتەوە.
- لەگەڵ ئەوەی ڕێکەوتننامەکە لە ماوەی حوکمڕانی بەزازدا جێبەجێ نەکراوە، بەلاّم هەمان ڕێکەوتننامە بۆتە بنەمای دانوستانی نێوان کورد و حکومەتەکانی دوای بەزاز، بەڵێن و گفتی جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکەیان بە کورد داوە، بەلاّم هیچ یەکێکیان بە کردار ڕێکەوتننامەکەیان نەکردۆتە ڕێکەوتننامەی سەرەکی و لە کارنامەی کاری لە پێشینەی حکومەتەکەیاندا نەبووە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: بەڵگەنامەکان:


١. Telegram From the Embassy in Iraq to the Department of State/1/Baghdad, May 17, 1966, 1240Z.

٢. Telegram From the Department of State to the Embassy in Iraq/1/ Washington, October 8, 1966, 3:56 p.m.


### دووەم: کتێبەکان:

#### أ. بەزمانی کوردی:


١. امانج حەسەن ئەحمەد، برایم ئەحمەد ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕووناکبیری گەلی کورد دا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢. بەشیر حوسین سەعدی، پەیام لە مێژووی نەتەوەی کورد، چاپخانەی دارا، هەولێر، ١٩٩٧.

٣. بەهرۆز جەعفەر، ململانێی نێو شۆڕشی ئەیلول، چاپی یەکەم، ٢٠١٠

٤. پارتی دیموکراتی کوردستان ـ مەکتەبی سیاسی، هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکانی عێراق لەمەڕ کێشەی کورد ١٩٤٦ — ١٩٧٠ ، چاپی یەکەم، ١٩٩٧.

٥. حامید گەوهەری، تراویلکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی کارۆلینسکا، ستۆکهۆڵم، سوید، ٢٠١٣.

٦. سامی شۆرش، عێراق و دەوروبەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٢

٧. شوان محەمەدئەمین تەها خۆشناو (دکتور)، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣ — ١٩٧٠ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە بارودۆخی سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦.

٨. ـــــــــــــــ، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ — ١٩٦٣، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢.

٩. عەلی حەسەن مستەفا، خەرمانەی خەبات، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٣

١٠. فاتح ڕەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥.

١١. فاخر عالی خان ئاودەلی، ڕۆڵی زانایانی ئاینی لە ژیانی سیاسی هەولێردا ١٩٤٥ — ١٩٧٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٤.

١٢. مەحمود عوسمان، شۆڕشی کوردستانی عێراق ١٩٦١، چاپی ڕرۆنیۆ، ١٩٧٠

١٣. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلول)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، بەرگی سێیەم.

١٤. محەمەد سالح عەقراوی، کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧.

١٥. هاوڕێ باخەوان، هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد، چاپی دووەم، ٢٠٠٥.

١٦. واحد عومەر محێدین (دکتور)، دانوستانەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ی کورد و حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١ – ١٩٦٨) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

## ب. کتێبە وەرگێردراوەکانی سەر زمانی کوردی

١. أسغەر جەعفەر ویلدانی، کورد و پەیوەندییەکانی ئێران و ئێراق، وەرگێڕانی: بەختیار شەمەیی.

٢. تشارلز تریب، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی عێراق، وەرگێڕانی:محەمەد حوسێن و عەبدولقادر کەلهور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠ .

٣. جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی: کوردۆ، بێ شوێنی چاپ.

٤. دورییە عەونی، عەرەب و کورد ناکۆکی یان تەبایی، وەرگێڕانی: سوارە قەلادزێیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١١.

٥. دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٦. سیرجی. ج. ئیدموندز، کێشەی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨.

٧. گونتەر دێشنەر (دکتور)، کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤.

٨. کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەمدا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چ٣، هەولێر، ٢٠٠٦.

## سێیەم: کتێبەکان بەزمانی عەرەبی:

١. اسماعیل العارف، اسرار ثورة ١٤ی تموز وتاسیس الجمهوریة فی العراق، لندن، ١٩٨٦.

٢. اوریل دان، العراق في عهد قاسم، ترجمة وتعلیق: جرجیس فتح اللة، من منشورات دار اراس للطباعة والنشر و منشورات الجمل، طبعة الاول، ٢٠١٢

٣. جعفر عباس حمیدی (دکتور)، تاریخ الوزارات العراقیة في العهد الجمهوری ١٩٥٨ – ١٩٦٨ ، الطبعة الأولى، بغداد، ٢٠٠٥، الجزء ٧ و ٨ و ٩ .

٤. جیرار جالیاند، المأساة الکوردیة، ت: عبدالسلام النقشبندی، طبعة الثانی، مطبعة اراس، اربیل، ٢٠١٢.

٥. حامد مصطفى مقصود، ثورة ١٤ تموز مدارات الاخوة الاعداء، طبعة الاول، مطبعة وزارة التربیة، اربیل، ٢٠٠٢.

٦. حبیب تومی، البارزانی مصطفى قائد من هذا العصر، الطبعة الاولى، مطبعة اراس، اربیل، ٢٠١٢

٧. دیفید أدامسن، الحرب الکردیة وانشقاق ١٩٦٤، ترجمة: جرجیس فتح الله، الطبعة الاولى، المطبعة اراس، اربیل، ٢٠١٢.

٨. عبدالرحمن البزاز.. أول رئیس مدنی فی العراق الجمهوری، الطبعة الاولى، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت، ٢٠٠٦.

٩. شاکر خدو محوی، المسألة الکوردیة فی العراق المعاصر، ت: د. عبدی حاجی، طبعة الاول، مطبعة خانی، دهوك، ٢٠٠٨.

١٠. شکیب عقراوی، سنوات المحنة في کردستان اهم الحوادث السیاسیة والعسکریة في کردستان والعراق من ١٩٥٨ الى ١٩٨٠، طبعة الاول، مطبعة منارة، اربیل، ٢٠٠٧.

١١. شيركو فتح الله عمر (دكتور)، الحزب الديمقراطى الكردستانى و حركة التحرر القومى فى العراق، طبعة الاول، مطبعة رون، سليمانية، ٢٠٠٤.

١٢. صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦ – ٢٠٠١ ، طبعة الاول، مؤسسة البلاغ، بيروت، لبنان، ٢٠٠١.

١٣. فاضل البراك، مصطفى البارزانى الاسطورة والحقيقة، مطبعة دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩

١٤. فرهاد محمد احمد، جريدة خه بات/ النضال ١٩٥٩ – ١٩٦١ ، طبعة الاول، مطبعة خانى، دهوك، ٢٠٠٨

١٥. كاظم حبيب (دكتور)، لمحات من عراق القرن العشرين العراق في العهد الجمهورى، الطبعة الاولى، مطبعة اراس، ٢٠١٣.

١٦. كاويس قةفتان، الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨ – ١٩٦٤ ، طبعة الاول، ٢٠٠٤

١٧. ليث عبدالحسين الزبيدى ثورة ١٤ تموز فى العراق، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.

١٨. محمود شاكر، تاريخ المعاصر ـ بلاد العراق، طبعة الاول، المكتب الاسلامى، بيروت، ١٩٩٢، جلد١١.

١٩. منذر الفضل (دكتور)، دراسات حول القضية الكردية ومستقبل العراق، طبعة الثانى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٤

٢٠. مؤيد ابراهيم الونداوى، وثائق ثورة تموز ١٩٥٨ في ملفات الحكومة البريطانية، طبعة الاول، بغداد، ١٩٩٠.

٢١. ميهفان محمد حسين رشيد البامرنى، سياسة الاتحاد السوفيتى تجاة الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان الجنوبية (١٩٤٥ – ١٩٦٨)، طبعة الاول، مطبعة خانى، دهوك، ٢٠٠٨.


### چوارەم: نامەو تێزە زانكۆییەكان:


١. سەروەر عبدالرحمن عمر، پارتی كۆمۆنیستی عیراق و مەسەلەی كورد (١٩٣٤ - ١٩٧٥) توێژینەوەیەكی مێژوویی سیاسییە، زانكۆی سلێمانی، "بلاْونەكراوە"، ٢٠٠٨.


### پێنجەم: توێژینەوە


١. فاروق محەمەد محەمەدئەمین، شۆڕشی ئەیلول لە ململانێی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا (١٩٦١ – ١٩٧٥)، توێژینەوەیەكی بلاْونەكراوە.


### شەشەم: گۆڤار و ڕۆژنامەكان


١."سەفین" (گۆڤار)، ژمارە (٥٨)، حوزەیرانی ٢٠٠٥.


### حەفتەم: ئینسكلۆپیدیا


١. سازگار ڕەشید ئیبراهیم، هەولێر لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا، ئینسكلۆپیدیای هەولێر، چاپی یەكەم، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩، بەرگی چوارەم.


### هەشتەم: پێگەی ئەلیكترۆنی


١. http://archive.aawsat.com
٢. http://www.gilgamish.org
٣. http://www.nasiriyah.org
٤. http://www.shmmr.net
٥. http://www.nasiriyah.org
٦. http://www.sotakhr.com
٧. http://www.allafblogspotcom.blogspot.com

**الخلاصة**

**الهدف من كتابة و اختيار هذا العنوان: (اتفاقية بين الحكومة العراقية والحركة التحررية الكردية في العهد وزارة عبدالرحمن البزاز في ٢٩ حزيران ١٩٦٦)، يرجع الى وجود المفاوضات التى كانت بين الحكومات العراقية والقيادة السياسية للكرد، و بالأخص المفاوضات التى أجريت حول موضوع حل القضية الكردية فى اتفاقية عبدالرحمن البزاز لحل قضية الكرد فى العراق. وهناك سبب أخر لاختيار الموضوع، كونه لم يكتب عنه كبحث أكاديمى، حيث يلاحظ أنه لم يفرد هذا اتفاقية بكتابة بحث أكاديمى عنه يكشف أبعاده و اهدافه و أهميته.**

**و بشكل عام يتكون هذا البحث من مقدمة و محورين و عدة نتائج، المحور الأول كمدخل للموضوع بعنوان: الأوضاع السياسية لجونوب كردستان فيما بين سنوات ١٩٥٨ – ١٩٦٨)، يتكلم عن أسباب ظهور الأحداث التى كانت فى ذاك الوقت، و يبين مواقف القيادات الكردية تجاهما. و فى المحور الثانى والذى هو بعنوان: بنود اتفاقية معالجة الآحداث والنتائج يبحث عن وضع واقع الأحداث والوقائع التى حدثت نتيجة الأتفاقية. وفى ختام البحث أبرز أهم النتائج التى توصل إليها البحث من خلال قراءة الموضوع ومتابعته.**

## Abstract

The purpose of writing and choosing the study entitled (**Agreement between the government Iraq and movement Kurdish liberation a during AbdaAl-Rahman Al-Bazzaz of June 29, 1966**), is related to those studies conducted during the Iraqi governments and Kurdish political leadership in particular it is related to the studies associated with the solution agreement of Abdurrahman Bazaz in terms of subject and content. Additionally, another specific point for selecting the subject is owing to the lack of any particular title for the agreement. This is due to the argument that there has not been written and conducted such a particular title and scientific study on the agreement of Abdurrahman Bazaz so far.

Generally, the study consists of an Introduction, two chapters and some conclusions. The first chapter is a gateway to the title, the political circumstances of Sothern Kurdistan (Currently Kurdistan Regional Government) during 1958-1968. It will discuss the happenings occurred during the time. In this sense, the stance of Kurdish political leadership has been examined. The second chapter entitled the articles of the solution agreement and its aftermath and occurrences is associated with the real situations of the incidents relevant to the agreement. After discussing the articles, it will examine the frankest incidents and the outcomes occurred as a result of the agreement reached during the time. Finally, based upon the study and following – up the events, the results have been clarified.